# کچان و کوڕانی هەولێر لە دەوری خل



**هەر چەندە یاریی خلیسکانی سەر بەفر لە هەولێر یارییەکی تاڕادەیەك تازەیە، بەڵام لە جیهاندا دەمێکە هەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگیی زۆری پێی دەدرێت، بەڵام لە ئێستادا لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئارەزوومەندانی ئەم یارییە بە شێوەیەکی بەرفراوان روویان لەم یارییە کردووە، لە هۆڵی ئایسلەند لە شاری سمایلاند بە شێوازێکی تازە گرنگیی باش بەم یارییە دراوە، بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانی یارییەکە بە شێوەیەکی تر لە خۆی کۆبکاتەوە و یارییەکە لە هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناغێکی باشتر ببەن، رۆژانەش چەندین کچ و کوڕی لاوی ئەم شارە بە نمایشە جوانەکانیان لەسەر بەفر لە هەولێر بۆ هەوادارانیان ئەنجام دەدەن. سەپەرشتیاری یارییەکانی خلیسکانی سەر بەفر بەرنامەی ئەوەیان هەیە ئەم یارییە لە هەولێر فراوان بکەن و چەندین خولی جۆراجۆریش بۆ ئاستەکانی کچان و کوڕان بکەنەوە. بۆ تیشك خستنە سەر ئەم یارییە لە هەولێر گۆڤاری گوڵان راپۆرتێکی لەگەڵ یاریزانانی ئەم یارییە ئەنجامداوە، ئەوانیش قسەی خۆیان هەبوو.**

نەشمیل عومەر کچە یاریزانێکی تەمەن ١٤ ساڵ لە بارەی یارییەکانی خلیسکانی سەر بەفر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئەم یارییە تازەیە لە هەولێر، ئێمە وەکو یاریزانان و خۆشەویستیمان بۆ ئەم یارییە بە شێوەیەکی زۆر روو لەم یاریگایەی خلیسکانی سەر بەرفر دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە نمایشە جوانەکانمان زیاتر گرنگی بە ئارەزووەکانمان بدەین کە خولیایەکی زۆرمان هەیە بۆ ئەم یارییە، هەرچەندە ئەم یارییە لە دەرەوەی کوردستان گرنگی زۆری پێ دەدرێت، بەڵام لێرە یارییەکی تازەیە، ئێمەش وەکو کچە وەرزشکاران گرنگیی خۆمان پێداوە.» گوتیشی: «بەهیوای ئەوەین گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت و هۆڵێکی تایبەت بکرێتەوە کە حکومەتی هەرێم سەرپەرشتیی بکات، چونکە ئێمە ئێستا کە سەردانی ئەم شوێنە دەکەین، بە پارەی خۆمانە و ئارەزوومان هەیە بۆ ئەم یارییە و ناتوانین دەستبەرداری بین، بەڵێنی ئەوەش دراوە تیپ دروست بکرێت بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان، ئێمەش بڕیاری ئەوەمانداوە کە بەشداریی یارییەکان بکەین، لە تواناشمان دایە ئەنجامی باش بەدەستبهێنین.»

پەیام سەعدی ئەویش کچە یاریزانێکی تەمەن ١٣ ساڵە و رۆژانە سەردانی هۆڵی ئایسلەند دەکات بۆ ئەنجامدانی نمایشی یاریی خلیسکانی سەر بەفر، سەبارەت بەو یارییەش بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم یارییە دەتوانم بڵێم تازەیە بۆ ئێمە وەکو کچە یاریزانان کە روومان لەم یارییە کردووە، من بە ئارەزووی خۆم ئەم یارییەم هەڵبژاردە کە بە یارییەکی گرنگی دەزانم و ماڵەوەش خۆیان رۆژانە دەمهێنن بۆ یاریگای ئایسلەند، هەر چەندە ئێمە پارەی خۆمان دەدەین بۆ هەر کاتژمێرێکی یاریکردن، بەڵام خولیای زۆرمان بۆی هەیە.» لە بارەی یارییەکە بۆ کچان و گرفتەکانی بەردەمیان، پەیام گوتی: «ئێمە رۆژانە کە سەردان دەکەین، لەگەڵ ماڵەوەمان دێن بۆ ئەنجامدانی نمایشەکانمان، کچانیش زۆر دەبینم لێرە، بەڵام بە هیوای ئەوەم کچان زیاتر روو لەم یارییە بکەن، کە یارییەکی خۆش و خاوەن بینەری خۆیەتی لەسەر ئاستی جیهان، لێرەش بەڵێنیان داوە کە تیپی جۆراوجۆر درووست بکەن، ئێمەش هەوڵ دەدەین ببین بە یاریزانانی تیپێك لە ئاستی کچان و بەشداریی نمایشەکان بکەین. بەهیوای ئەوەشم لایەنی پێوەندیدار بتوانن هۆڵێك بکەنەوە بۆ ئەوەی زۆرترین گەنج و بەتایبەتی کچان روو لەم شوێنە بکەن و لە وەرزشکردن تواناکانی خۆیان پێش بخەن.»

محەمەد عیماد کوڕێکی تەمەن ١٧ساڵە و ئەویش لە بارەی ئاستی ئەم یارییە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من وەکو شەیدایەکی ئەم یارییە هەموو رۆژێك سەردانی هۆڵی ئایسلەند دەکەم، بۆ ئەوەی نمایشە بەردەوامەکانی خۆمی تێدا ئەنجام بدەم، هەرچەندە من رۆژانە پارەی خۆم دەدەم، کە نمایشی تێدا ئەنجام دەدەم، بەڵام ئاسوودەم، چونکە ئەم یارییە تازەیە لە کوردستان و هەوادارێکی زۆری لە خۆی کۆکردۆتەوە، بە هیوای ئەوەشم گەنجان زیاتر روو لەم یارییە بکەن، چونکە لە ئاستی نێودەوڵەتی شەیدایانی زۆری هەیە،

ڕاپۆرتی: كاززان كانەبی

ئێمەش هەوڵی خۆمان دەدەین ئاستمان بگاتە ئاستێكی بەرز.» لە بارەی داواكارییەكانیشیان ناوبراو گوتی: «بە هیوای ئەوەم حكومەت سەنتەرێك بكاتەوە بۆ لاوانی شارەكانی كوردستان بۆ ئەوەی لە بری شوێنی تر روو لەم شوێنە بكەن و بتوانن وەرزشی خۆیان بە شێوەی دروست ئەنجام بدەن، من ئومێدی زۆریشم هەیە كە لە ئایندە بڕیارە تیپ درووست بكرێت بۆ پێشبڕكێی نمایشی، من بە دڵنیاییەوە یەكێك دەبم لە یاریزانانی تیپەكانی ئاست جیاواز و ئومێدیش دەكەم گەنجانی شارەكەم روو لەم یارییە بكەن.»

هەر لە بارەی ئەم یارییە حاجی ئاغا ئەسعەد سەرپەرشتیاری یاریی خلیسكانی سەربەفر لە هۆڵی ئایسلەند بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە ئەم یارییە تا رادەیەك لە شاری هەولێر پیشووتر كراوەتەوە، بەڵام وەكو ئەوەی ئێستا نەبووە، كە ئێمە گرنگی باشمان بە یارییەكە داوە و بە شێوەی زانستی ئەنجامی دەدەین، چونكە بۆ خۆمان شارەزایی تەواومان لەسەر ئەم یارییە هەیە و چەندین ئارەزوومەندی ئەم یارییەمان فێری وەرزشەكە كردووە.» لە بارەی ئامانجیان لە كردنەوەی ئەم یارییەش حاجی گوتی: «ئامانجمان لە كردنەوەی ئەم یارییە لە شاری سمایلاند بەرەوپێشچوونی ئاستی یارییەكەیە لە كوردستان و بەتایبەت لە شاری هەولێر، ئەم یارییەش تاكە پرۆژەیە لە عێراقدا كە گرنگی بە تەواوی یارییەكە بدات، ئەم یارییە لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهاندا گرنگی زۆری پێدەدرێت، ئێمەش بە تەواوی گرنگیمان بەم یارییە داوە و كۆمەڵێكی زۆری تەمەنە جیاوازەكانمان لە دەوری خۆمان كۆكردۆتەوە، بە ئامانجی گەشەكردنی یارییەكە و دەمانەوێ كوردستانیش وەكو وڵاتانی جیهانی بێت.» لە بارەی پرۆژەكانی ئەم یارییەش حاجی گوتی: «لە بەرنامەماندایە ئەم پرۆژەیە گەورەتر بكەین و زیاتر بەرەو پێشی ببەین و هەواداری زیاتری لێ كۆبكەینەوە لە شاری هەولێر و لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەداین كەوا ژمارەیەك تیپی جۆراوجۆر درووست بكەین لە ئاستەكانی تەمەن جیاواز.» لە بارەی پێشوازیكردنی هەوادارانی ئەم یارییەش گوتی: «سەرەتا بە ڕێژەیەكی كەم خەڵك سەردانی كردین، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی بەشداربووان زیاتر بووە لەچاو جاران و رۆژانە هەواداری زۆرمان هەیە كە حەزیان بە یارییەكە هەیە، پێشووتر تیپ و یاریزانان هەر نەبوو، ئێستا تیپمان دروست كردووە و ژمارەمان زۆر بووە، بۆیە دەتوانین لە ئایندەیەكی نزیكدا لەم یارییە سەركەوتنی گەورە بەدەست بهێنین.» لە بارەی كردنەوەی پاڵەوانییەتیش بۆ تیپەكان، حاجی گوتی: «لە هەوڵی ئەوەداین بتوانین تەواوی رێنماییەكانمان بە یاریزانان بڵێین، ئەو كات پاڵەوانییەتیش لە نێوان تیپەكانی شارەكانی كوردستان و بگرە عێراقیش ئە نجام دەدەین، لە كوردستانیشدا هیچ تیپێكی ئەم یارییە نییە، ئێمەش تازە دەستمان بە درووستكردنی كردووە بۆ ئەوەی سوودی بۆ هەموولایەك هەبێت.» لە بارەی گرفتەكانیشیان حاجی گوتی: «ئێمە تاكە یاریگەیەكمان لەسەر ئاستی كوردستان هەیە، ئەویش تۆزێك بچووكە، بۆیە هەوڵدەدەین بە پێی بەرنامەكانمان فراوانی بكەین بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزانان رووومان تێ بكەن.»




# ـــــــــیسكانی سەر بەفر كۆدەبنەوە



ئاهەنگی ساڵانەی فیفا

# میسی پێنجەمین تۆپی زێڕین و لویس ئەنریكی باشترین ڕاهێنەر



# کلۆپ هۆشداری بە گواردیۆلا دەدات

بەرێوەبەری هونەری یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی یۆرگن کلۆپ هۆشداری بە پیب گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی بایرەن میونشن دەدات لەمەر هەندێ تایبەتمەندی خولی پریمەرلیگ. گواردیۆلا بڕیاری دا بۆندەکەی درێژنەکاتەوە و دەست بەرداربوونی لەیانەی بایرەن میونشن لەکۆتایی وەرزی ئەمساڵ ئەمەش لەکاتێکدایە ئەو ڕاهێنەرە بۆ ماوەی سێ وەرزە لە قەڵای ئەلیانزە ئەرینایە و لەدوایین لێدوانیشی رایگەیاند ئارەزووی زۆری هەیە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی لە یانەیەکی پریمەرلیگ بگرێتە ئەستۆ. لای خۆیەوە کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپول سەبارەت بەبارودۆخی پریمەرلیگ روونیکردۆتەوە لەئینگلتەرا ئاستەنگەیەکان زۆرن بەتایبەت کاتێ خشتەی یارییەکان قەڵەبالغە و کەش و هەواش باش نیە. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بۆکردوە کاتی هاتمە ئێرە نەمدەزانی دوو گەڕ لە نیوەی کۆتایی و جامی کەپیتەڵ وەن هەیە. هەروەها کلۆپ ئاماژەی بۆکرد لەلایەن هاورێکانی پیرۆزبایی لێکراوە کاتێ لەیاری چوون سەرکەوتنی بەسەر ستۆك ستی بەدەست هێناوە. پێویستە بوترێت لەئێستادا ناوی گواردیۆلا پەیوەست کراوە بەیانەکانی مانچستەر یونایتد و چێڵسی و مان ستی، بەڵام چانسی ئەوەی دوایینیان لەهەمووی زیاترە تواناکانی ئەو ڕاهێنەرە بەدەست بێنێت.

لە هۆڵی کۆنگرەکان لە شاری زیوریخی سویسری ئاهەنگی ساڵانەی فیفا بۆ دەستنیشانکردنی باشترینەکانی ساڵی ٢٠١٥ و دیاریکردنی خاوەن تۆپی زێڕین لە نێوان هەرسێ یاریزان کریستیانۆ رۆنالدۆ و لیۆنیل میسی و نەیمار دا سیلڤا هەروەك پێشبینی دەکرا لیۆنیل میسی بۆ جاری پێنجەم تۆپی زێڕینی بەدەست هێنا، ئەمەش تەواوی خەڵاتەکانی فیفایە بۆ ساڵی ٢٠١٥ :

* باشترین پێکهاتەی ساڵ شێوازی ٤-٤-٣

گۆڵپارێز : مانوێل نۆیەر (بایرەن میونشن)

هێلی بەرگری : مارسیلۆ (ریال مەدرید) — سێرجیۆ رامۆس (ریال مەدرید) — تیاگۆ سیلڤا (پاریس سان جێرمان) — دانیال ئەلڤێس (بەرشلۆنە)

هێلی ناوەراست : ئەندرێس ئەنێستا (بەرشلۆنە) - لۆکا مۆدریج (ریال مەدرید) — پۆڵ پۆگبا (یۆڤانتس)

هێلی هێرشبەر : کریستیانۆ رۆنالدۆ (ریال مەدرید) — لیۆنێل میسی (بەرشلۆنە) — نەیمار دا سیلڤا (بەرشلۆنە)

* خەڵاتی یاری پاك :

بۆ ئەو رێکخراو و یەکێتیانەی تۆپی پێ کە یارمەتی پەنابەرانیان دا

* خەڵاتی باشترین راهێنەر ئافرەتان:

١- جیل ئیلیس (ئەمریکا) ٤٢,٩٨٪

٢- نۆریۆ ساساکی (ژاپۆن) ١٧,٧٩٪

٣- مارك سامبسۆن (ئینگلتەرا) ١٠,٦٨٪

* خەڵاتی باشترین راهێنەر پیاوان:

١- لویس ئەنریکی (بەرشلۆنە) ٣١,٠٨٪

٢- پیب گواردیۆلا (بایرەن میونشن) ٢٢,٩٧٪

٣- خۆرخی سامپاولی (هەڵبژاردەی چیلی) ٩,٤٧٪

* خەڵاتی پۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵ

١- ویندل لیرا (بەرازیل) ٤٦,٧٪

٢- لیۆنیل میسی (بەرشلۆنە) ٣٣,٣٪

٣- ئەلیساندرۆ فلۆرێنزی (رۆما) ٧,١٪

* خەڵاتی باشترین یاریزانی ئافرەت :

١- کارلی لوید (ئەمریکا) ٣٥,٢٨٪

٢- سیلیا ساسیچ (ئەڵمانیا) ١٢,٦٠٪

٣- ئایا مایاما (ژاپۆن) ٩,٨٨٪

* خەڵاتی تۆپی زێڕین بالۆن دۆر :

١- لیۆنیل میسی (ئەرژەنتین - بەرشلۆنە) ٤١,٣٣٪

٢- کریستیانۆ رۆنالدۆ (پورتوگال — ریال مەدرید) ٢٧,٧٦٪

٣- نەیمار داسیلڤا (بەرازیل - بەرشلۆنە) ٧,٨٦٪



# بۆ یەک ساڵ سپۆنسەری خولی کوردستان دەکرێت

ئەمساڵ قەیرانی دارایی زیاتر قووڵ بووەوە و یەکێتییە وەرزشییەکانی کوردستان جیاواز لە ساڵانی دیکە پەنایان بۆ کۆمپانیاکان برد بۆ ئەوەی بتوانن سپۆنسەری خولەکانیان بکەن، یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان جیاواز لە یەکێتییە وەرزشییەکانی تر کە هەموو ساڵێك خولەکانی خۆی بە سەرجەم ئاستەکانەوە بەڕێوەبردووە، ئەمساڵ توانی لەگەڵ کۆمپانیای فاست لینك ڕێك بکەوێت بۆ ئەوەی سپۆنسەری خولی نایابی کوردستان بکات، هەردوولاش ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەمساڵ خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێی لە ئەستۆی ئەوان بێت. لە بارەی سپۆنسەرکردنی خولەکانی کوردستان لەم وەرزە، فاتیح ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان لە کۆمپانیای فاست لینك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«ئێمە بە ئامانجی پەك نەکەوتنی وەرزش و زیاتر بەرەوپیش بردنی خولەکانی کوردستان بڕیاری ئەوەمان دا کەوا سپۆنسەری خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکەین، ماوەی ڕێککەوتنەکەشمان بۆ یەك ساڵ دەبێت کە بڕی ٣٠٠هەزار دۆلار دابین دەکەین، بۆ یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، وەکو هەستکردن بە ئەرکێکی نیشتمانی ئەوە کارەمان لە ئەستۆ گرت کە هاوکاری یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بین، هیواشمان سەرختنی وەرزش بووە لە کوردستان، ئێمە لە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی هاوکاریی سەرجەم وەرزشەکانی تریش بکەین، بەڵام لە ئێستادا ئێمە تەنیا هاوکاری تۆپی پێی کوردستانمان کردووە و کە خولەکانی لە ژێر ناوی ئێمەوە بەڕێوە دەچێت، بەهیوای ئەوەین کۆمپانیاکانی تریش بێن بۆ سپۆنسەری کردن و هاوکاری وەرزشکارانی کوردستان بکەن.» لەبارەی بەردەوامیی سپۆنسەری بۆ خولە وەرزشییەکانیش فاتیح گوتی: «لە ئێستادا ئێمە تەنیا یەك سپۆنسەریمان لە ئەستۆیە ئەوەیش تۆپی پێی کوردستانە و تەنیا بۆ یەك ساڵیشە، بۆیە لە دوای تەواوبوونی خولەکە ئەوکات بۆ هەر ڕێککەوتنێکی دیکە بڕیاری خۆمان دەدەین.»



# یانەی ئارارات گرێبەستی وەرزی ڕابردووی یاریزانانی نەداوە

لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی ئارارات-ی هاوینە هەواری پیرمام بەشداریکردنی لە خولی نایابی کوردستان درێژە پێدا و بە تیپێکی تۆکمەوە هاتنە نێو کێبڕکێیەکانی ئەم وەرزەی خولەکە، بەڵام وەکو سەرجەم یانەکانی کوردستان ئەو یانەیەش بەدەر نییە لە گرفتی دارایی کە دەرگای هەموو یانەکانی کوردستانی گرتووە، یانەی ئاراراتیش تاکو ئێستا پارەی گرێبەستی وەرزی ڕابردووی یاریزانانی یانەکەی دابین نەکردووە و یاریزانانیش وەکو وەفایەك بۆ یانەکە بەردەوامن لە خزمەتکردنی تیپەکەیان، لەم بارەشەوە نەشئەت هادی سکرتێری یانەی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمەش وەکو سەرجەم تیپەکانی تری بەشدار لە خولی نایابی کوردستان گرفتی داراییمان هەیە و تاکو ئێستا پارەی وەرزی ڕابردوو و ئەم وەرزەی گرێبەستی یاریزانانی خۆمان نەداوە، ئەوانیش وەفادارییان بۆ یانەکەیە لەبەرامبەر بەردەوام بوونیان لە یارییەکانی خولەکە، هەوڵیش دەدەین




## ڕاهێنەری یانەی کەرکووک

# متمانەمان بە یاریزانانمان هەیە

هەر چەندە ئەم وەرزە کەرکووکییەکان بە نیازی ئەوە نەبوون بەشداری کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکەن، بەڵام دواجار دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی کەرکووک بڕیاری دا تیپێکی خێرا پێکبهێنێت و بەشداری خولەکە بکات، بەڵام گرفتی دارایی تیپەکە بەردەوامە و دەستەی ڕاهێنەران و یاریزانانیش سەرەڕای ئەو قەیرانە داراییەش ئومێدیان هەیە کە بتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن. هەر لەم بارەیەوە دارەوان قادر ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشی کەرکووک بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە ئێستادا لە چاو ئەم ئامادەکارییە خێرایە ئاستمان باشە و هەموو هەوڵێکی خۆشمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین، بەڵام لە ئێستادا ناتوانین هیچ گۆڕانکارییەك ئەنجام بدەین، چونکە ئێمە بەم یاریزانانە دەتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، هەر چەندە گرفتی دارایش بەرۆکی ئێمەی گرتووە و هیچ یاریزانێك لە ریزی پێکهاتەی یانەی وەرزشیی کەرکووک گرێبەستی نییە، جگە لە مووچەیەکی مانگانە نەبێت.» لەبارەی هێنانی یاریزانانی تازەش بۆ یانەکە ناوبراو گوتی: «ئێمە جگە لە هێنانی یاریزان ساندای نێجیری هیچ یاریزانێکی ترمان نەهێناوە، ئەویش لەبەر خۆشەویستی بۆ یانەی کەرکووک هاتۆتە یانەکەمان و تەنیا مووچەی هەیە، ئەمساڵیش خولی نایابی کوردستان خولێکی بەهێزە و بە گرووپە، بۆیە نابێت هیچ خاڵێك لە دەست بدەین، هەموو تیپەکانیش بە هەستیارییەوە یارییەکانیان ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن باشترین ئەنجام پێشکەش بکەن لە خولەکە، یاریزانانی ئێمەش هێشتا سەرەتایە و دەتوانن لە یارییەکانی داهاتوو ئەنجامی باشتریش بەدەست بهێنین.»




کە پارەمان دەست بکەوێت و سەرجەم مافەکانی یاریزانانی خۆمان بدەین کە ئەوان ڕۆلی کارا دەبین لە نێو یاریگا.» لە بارەی ئەو پارەی کە لە سەریان کۆبۆتەوە وەکو قەرز هادی گوتی: «نزیکەی ٢٠٠ملیۆن دینار قەرزارین هی تیپەکەمان، ئەویش هی گرێبەست و ئەو خەرجیانەیە کە خەرجمان کردووە لە تیپەکە.» لە بارەی ڕاهێنەری تازەی یانەکەش گوتی: «سەعد ناسر بەردەوامە لە کاری ڕاهێنەرایەتی لە تیپەکەمان، ئێمەش متمانەمان بە تواناکانی هەیە کە دەتوانێ یاریزانەکان بۆ کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی دیکە ئامادەتر بکات.» لە بارەی ئەنجامی تیپەکەش ناوبراو گوتی: «تاکو ئێستا ئەنجامەکانمان باشە و هەوڵی جددیش دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین لە بەرەو پێشبردنی ئاستی تیپەکەمان بەردەوام بین.